عەزل)مان ئەنجامەدا لەکاتێکدا قورئان دادەبەزی، سوفیان دەڵێت: ئەگەر شتێک بووایە نەهی لێبکرایە؛ ئەوا قورئان نەهی لێمان دەکرد.

لە جابرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: (عەزل)*مان ئەنجامەدا لەکاتێکدا قورئان دادەبەزی، سوفیان دەڵێت: ئەگەر شتێک بووایە نەهی لێبکرایە؛ ئەوا قورئان نەهی لێمان دەکرد. *(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جابری کوڕی عبدالله -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات: (عەزل)*یان ئەنجامەدا لەگەڵ ئافرەت وئەمەکانیان** لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش ڕازی بوو لەسەر ئەم کارەیان، وئەگەر حەڵاڵ نەبووایە ڕەزامەندی نیشان نەدەدا لەسەر کردنی. وەکو ئەوە وابوو کەسێک بە جابر بڵێت: لەوەیە باسی ئەم کارەی ئێوە بە ئەو نەگەیشتبێت؟ ئەویش (جابر) ووتی: ئەگەر بە ئەو نەگەیشتبێت خوای گەورە پێی دەزانێت، وقورئان دادەبەزی. وسوفیان دەڵێت: ئەگەر شتێک بووایە کە نەهی لێبکردایە ئەوا قورئان نەهی لێیدەکرد، وخودا ڕازی نەدەبوو لەسەر ئەمە. کۆکردنەوەی تێگەیشتن لە دەقەکان: ئەم فەرموودەیەی جابر بەڵگەیە لەسەر دروستێتی عەزل، بەڵام فەرموودەی تر هەیە لەوەیە وا لێی تێبگەین کە عەزل دروست نییە، وەکو گێڕانەوەی جوزامەی کوڕی وەهب دەڵێت: لەگەڵ خەڵکانێک هاتین بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وپرسیاریان لێی کرد سەبارەت بە عەزل، ئەویش فەرمووی: (ذلك الوأد الخفي) واتە: (ئەوە کوشتنی منداڵە بە شاراوەیی)، چۆن یەک تێگەیشتنی یەکگرتوومان هەبێت کە دژیەکی تێدا نەبێت سەبارەت بەم فەرموودانە؟ وەڵام: بنچینە ئەوەیە عەزل دروستە بەهۆی فەرموودەکەی جابر وئەبی سعید -ڕەزای خوایان لێبێت-، وفەرموودەکەی جوزامە بۆئەوەیە ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەم کارە بکات بۆ ڕێگریکردن لە منداڵبوون، وبەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دەفەرموێت: (ذلك الوأد الخفي) واتە: (ئەوە کوشتنی منداڵە بە شاراوەیی). یان عەزل کردن مەکروهە نەوەک حەرام بێت بەهۆی بەڵگەکانی ترەوە. *(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)، **(ئەمە: واتە ئافرەتی کەنیزەک ومووڵکی دەستی ڕاست

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6084